## ڕیفراندۆم ئەو شتەی کە بە سەربەرزی بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو فەشەلێکی تر بۆ ناسیۆنالیزمی کورد ئەنوسرێت .

جبار محسن
10-04-2004
jabarmuhsin@yahoo.com

ئەم ووتارە وەلآمێکە بە نوسەرانی ناسیۆنالیزمی کورد کە دەیانەوێت لە ڕێگای باس کردن لە ڕیفراندۆمەوە هێرش بکەنە سەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و پێی ئەڵێن ڕەخنە !! منیش لەڕێگای وەلآم دانەوە بە نوسینەکەی کاروان کەریم کە لە سایتی دەنگەکان بلآ وی کردۆتەوە دەمەوێت وەلآم بدەمەوە و بەر بەو خۆڵە بگرم کە دەیانەوێت بە ناوەوە بیکەنە چاوی خەڵکەوەو ڕووی ناسیۆنالیزمی پێ سپی بکەنەوە .وادیارە کاروان لە دەورانێکدا توانیبێتی لە ڕیزەکانی حیزبدا خۆی ببینێتەوە ، هەر بۆیە قورسایی هەڵگەڕانەوە زۆر کاریگەریی لەسەر داناوەو بەنوسینەکەیەوە دیارە .هەڵگەڕانەوە لەسەنگەری ئینسانیو ئەو ڕەوتەی کە لەسەر پایەی واقیع دامەزراوە بەناچاری ئینسان ئەخاتە ناو گێژاوێکی گەورەو دوور لە واقیعو چاوپۆشین لە ڕاستیەکان . بەلآم ئەمە خەسڵەتی تەنها کاروان نییە ، هەرچی ناسیۆنالیستانی کوردە لە گێژاوی وەهمی قەومیدا غەرق بوونو توانای بینی واقیعیان نییە ، ئەڵبەتە من لە درێژەی باسەکەمدا ئەمە دەخەمە ڕوو.

### حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو ئێران :

لەساڵی 2000 دا یەکێتی نیشتمانی دەعوانامەیەکی لە دژی حیزبمان بەرز کردەوە کە یەکێك لە خاڵەکانی ئەوە بوو کە لەناو سەرکردایەتی حیزبەکەماندا کەسانی ئێرانی هەن ، دوا بەدوای ئەمەو لەدرێژەی ئەم کێشمە کێشەدا هێرشی چەکداری کردە سەرمانو پێنج هاوڕێمانیان لە کەمینێکی زەبونانەدا گوللە باران کرد و بەمەشەوە نەوەستا هێرشی کردە سەر ڕێکخراوە جەماوەریەکانیش . حکومەتی بەعسیش هەرکەسێکی بەتاوانی پەیوەندی لەگەڵ ووڵاتانی بیانی دەستگیر بکردایە بەرەو ئیعدام بەڕێی ئەکرد ،هەرئەوەش گەورەترین تاوانو هێرش بوو کەدەیکردە سەر موخالیفینی خۆی. ئینجا نازانم کاك کاروان ئەم بەروبوومەی لە کوێوە هێناوە و بەخاڵی سلبی حیزبی ئێمەی لە قەڵەم ئەدا ؟ لەڕاستی پەیوەندی هەر حیزبو لایەنێك بە لایەنێکی ترەوە لە سەیرکردنو هەڵسەنگاندنی مەبەستو ئامانجی پەیوەندییەکەوە ڕەت دەکرێتەوە یان قبوڵ دەکرێت ، کەس نازانێ کاك کاروان ڕەخنەی لە کوێی پەیوەندیەکەیە . بۆ من زۆر جێگەی پرسیارە کە کاروان بۆچی پەیوەندی حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردو کۆماری ئیسلامی ئێرانو دەوڵەتی قەومپەرستی تورکیاو بەعسی سوریو سەرەنجام ئەمەریکاو دەستو پەیوەندە تیرۆریستەکانی لەلا نەبووە بە جێی پرسیار ؟ کاروان نەقدی لەوەش هەیە کە فکرەی ئێمە لە دەرەوە هێنراوەتە ناو عێراقەوە ! بەقسەی ناسیۆنالیستانەی کاروان بێت هەر فکرەیەك کوردی نەبێتو خاوەنەکەی کورد نەبێت نابێ بهێنرێتەناو کوردستانەوە ـ، بەم فتوایەی ئەم بێت دەبێ هەمو نوسینەکانی مارکسو گەورە فەیلەسوفانی جیهان لە کوردستان بسوتێنرێنو کەس پەیڕەوییان لێ نەکات لەبەر ئەوەی نەکورد بوونو نە پایەیەی باسەکانیان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی بووە !!!!!! کاروان پێمان ناڵێ فیکرەی فیدراڵیزمی لە کوێوە هێناوەو ئایا ئەزانێ یەکەم جار کێ هێنایە کوردستانەوە ؟ ئایا ئەتوانێ ئەو حوکمەی بەسەر هەموو شتێکدا بدات ؟ ئایا یەخەی سەرکردایەتی کوردایەتی ئەگرێت کە بەیتو باڵۆرەی دیموکراتیەتیان لە چییەو بۆ ئیستیرادی ئەکەن بۆ کوردستان ؟

### ڕاگەیاندنی حککعو ڕۆیشتنی هەندێ لە کادرو ڕابەرانیان بۆ هەندەران :

کاروان ئەڵێ : پارتە ڕەنگاوڕەنگەکانی کوردستان و سەرانیان ڕوو لە داخلو هاتنە ناوەوەو خەریکی خۆ دەوڵەمەند کردن و هەڵخراندنی هێزو ئیدارەی کۆمەڵ بوون. دواتر دەڵێ بەلآم سەرانی حیزب بەرەو هەندەران هەڵهاتن . لەڕاستیدا ئەوە جێگەی شانازی ئێمەیە کە ئێمە لە پرۆسەی ئەو خۆ دەوڵەمەند کردنەدا نەبوینو لەدزینی داهاتی کوردستانو بردنی ڕەنجی خەڵکدا شەریك نەبووین . سەبارەت بە ئیدارەی کۆمەڵیش ئەوە شتێك نەبووە ئێمە نەمان ویستبێت و هەوڵمان بۆ نەدا بێت بەڵكو لە پێناویشیدا توشی سەرئێشەی زۆر بوینو خوێنیشمان داوە , لە هەر جێگەیەکیش پێمان کرابێت نموزەجی ئیدارەی خۆمان نیشانی کۆمەڵگە داوە . لە شوراکانی ئازاری 1991دا نیشانماندا کە بۆ نانو ئەمنیەتی خەڵك چی ئەکەین و ئێستاش لە کەرکوكو بەغدادو هەندێ شوێنی تر هەروا ئەکەین . لەو بەریشەوە دژایەتیو دڕندەیەتی ناسیۆنالیزمی کورد ئەبینرێت .کێ هەیە لە خوێن هەڵکێشانی بەکر عەلی لەبیر بچێتەوە ؟ بەرچەقۆ دانی کامەران ئەسعەدو سوتاندنی لاشەی بریندادی نەزیر عەلیوتەقە کردن لە ڕێپێوانەکانی خەڵك لەبیر ناچنەوە. لەبەر ئەوە جەستەی حیزبی ئێمە نییە کە نەخۆش بێت هەروەك کاروان باسی ئەکات بەڵكو ئەوە ناسیۆنالیزمی کوردە لەگەڵ خۆیدا نەخۆشیو سەرگەردانیو ژیانێکی ناشایستەی بۆخەڵکیش هێناوە . ئەگەر خەڵکی کوردستانیش سەرەڕای هەڕەشەو گوڕەشەکانی ناسیۆنالیزم دوای ئێمە بکەوتنایە ئیستا نە شەڕی ناوخۆی چەندین جەولەی خوێناوی دەبینی ، نە مەرگی چەند هەزاری ڕۆڵەکانیان و ئاوارەیی دەیان هەزاریو دەربەدەریان دەبینی،............کۆمەڵگاش بەباشترین شێوە بەڕێوە ئەبرا .

### نەبوونی ئیمکاناتی ماڵیی حیزب :

www.kurdistannet.org

كاروان نەبونی ئیمكاناتی ماڵیش ئەكاتە وەسیلەیەك بۆ دژایەتیو هەڵسەنگاندن. نەبوونی ئیمكاناتی ماڵیی وەك عەیبەیەك نیشان ئەدات نازانم كاروان وای پێ خۆش ئەبوو كە ئێمەش دەستمان لە دزی و ڕاوڕووتی ئەحزابی ناسیۆنالیستدا ببوایە یان چی وا بەم جۆرە ئەم خاڵە دوبارە ئەكاتەوە ؟ ئەو بۆ دۆزینەوەی عەیبێك لە حیزب گوێ نادات بەوەی كە سوكایەتی بەهەموو خەڵكی كوردستانیش بكاتو بە سواڵكەر لەقەڵەمیان بداتو كۆمەك كۆكردنەوەی ئێمەش لێیان بە سواڵكەری لە قەڵەم ئەدات. لە حاڵەتێكدا ئەوە جێگەی شانازی ئێمەیە كە سەرچاوەی مالییەی ئێمە كۆمەكی ئازادانەی خەڵكە نەك دیبلۆماسیەتی ژێر بەژێرو عەمالەت بۆ بەعسو دەوڵەتەكانی ناوچەكەو دزیو ڕاوڕوتیی .

بەلاَم لەسەر مالیە پێویستە شتێك بڵێم ئەویش ئەوەیە كە حیزب لەهەركاتێكدا ئیماكاناتی نەبوبێت بەو جۆرەی كاروان هەڵوێستی لێ گیراوەو هەركاتێكیش ئیمكاناتی بوبێت سەدو یەك پرسیار كراوە كە ئەو ئیمكاناتانەمان لە كوێ هێناوە !!!!!!! بەلاَم ئەوە نیشان دانی واقعیەتی گەورە بونی حیزب بووە ، بەلاَم لە هەموو دەورانێكدا حیزب لەچاو ئەو شتەی كە زەمانە لێمان دەخوازێ و ئەوەی كە پێویستە هەمیشە گەورە ترو گەورە تر ببین هەتا دەگەین بە دەسەلاَت تووشی كێشەی گەورەی نەبونی ئیمكاناتی ماڵی بوینەتەوە . هەر ئێستاش لە كێشەی نەبونی ئیمكاناتی ماڵیداینو ئەمەش دەكەمە فرسەت بۆ بانگەواز كردنی خەڵك كە كۆمەكی جدی بە حیزب بكەن .

## ڕێكخراوە جەماوەریەكانو حیزب :

كاروان دەڵێ حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق چوبێتە هەر ڕێكخراوێكەوە تێكیان داوەو لەبەینیان بردووە !!! لە ڕاستی من لە كاروان دەپرسم لە غەیری ئەو ڕێكخراوانەی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق دروستی كردوونو نفوزی تیایدا كاریگەرە ئایا هیچ ڕێكخراوێكی جەماوەری تر ئەبینێ و جەماوەری لەگەڵ بێتو كاربكات بۆ خەڵك ؟ ئەو شانازی بە چیەوە ئەكات ، بە ڕێكخراوە ژنانە كارتۆنیەكانی حیزبە ناسیۆنالیستەكانی كوردەوە كە دەچون حەملەی خەتەنەی كچانیان بەڕێ ئەخست ؟بەسەندیكای كرێكاران كە بەبێ ئیمزای سەوزو زەرد ڕیگەیان بەكەس نەئەدا كاربكات ؟ كاروان باسی یەكێتی بێكارانو كۆمەڵەی ئاوارەكان ئەكاتو ئەڵێ بەهۆی هاتنەناوەوەی ئێمە پوكاونەتەوە !! نازانم كاروان كام یەكێتی بێكارانە ئەڵێت ئەوەی كە سەد جار بەزۆر بنكەكەیان پێ داخرا كە كادرو ڕابەرەكانیان چەند جار زیندانی و ئازار دران و بكر عەلییان لێ تیرۆر كرا .........؟ئەو كۆمەڵەی ئاوارەیەی كە بەلولەی چەك ڕوبەڕووی بونەوەو كەسانی ناسراو خۆشەویستیان لێ تیرۆر كرا ؟ ئەو رێكخراوانەی كە ئەندامەكانیان لە پێناو پارەو نانی خێزانەكانیان خۆیان كردە خۆراكی شەڕی دەسەلاَتی حیزبە ناسیۆنالیستەكانی كورد؟ ئەگەر ئەوانە ئەڵێت پێویستە ئەو چاویلكە ڕەشەی لە چاوی كردووە دای بكەنێ هەتا تۆزێك واقع ببینێ .

## حیزبو شیعارەكانی:

كاروان دەڵێ حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق قسەی باقو بریق ئەكات . ئەمە قسەیەكە كە چەندین جار سەرانی ناسیۆنالیزمی كورد بە ئێمەیان وتووە . واقعیەتەكە ئەوەیە كە ئێمە لە بەرامبەر هەر سیاسەتێكی ئەواندا سیاسەتێكی پێچەوانە كە بە قازانجی چینی كرێكارو خەڵكی زەحمەتكێش بێت ڕامانگەیاندووە . ئەمەش بەجێی خۆی نارەزایەتیو جموجۆڵی جۆراو جۆری لەناو خەڵكدا دروست كردووە ئینجا ئەو قسەیەی ئەوانیش ڕێك لەوەلاَم بە ئەمەدا بووەو بۆ ئەوەی خەڵك دوای قسەكانمان نەكەوێت سیاسەتەكانی ئێمەیان بە قسەی باقوبریق لەقەڵەم داوە .بەجۆرێك بە خەڵكیان وتووە كە دوامان نەكەون لەبەر ئەوەی گوایە ڕاست ناكەینو لە پراكتیكدا شتێكی تر ئەكەین !! ئەمە پێش هەموو شتێك ئیعترافە بە دروستی سیاسەتەكانمان و ئەوان نەیانتوانیوە بڵێن ئەو سیاسەتانە دژی ئینسانین یان ناڕاستن چونكە دەزانن خەڵك بكەوێتە سەر بیركردنەوە لە جۆرێتی سیاسەت بیرێك لە سیاسەتەكانی ئەوانیش ئەكەنەوەو هەڵیدەسەنگێنن و سەرئەنجام بەزەرەری خۆیان دەشكێتەوە . بۆ نمونە ئەگەر یەكێك سیاسەتی دیفاع كردن لە شوێنی نیشتەجێ بوونی ئاوارەكانو داواكردنی خانووبەرە بۆیان بە سیاسەتێكی نادروستو نائینسانی لەقەڵەم بدات ئەبێ چاوەڕێی ئەوەش بكات بە دەركردنی ئاوارەكان لەو شوێنە ناشایستانەش كە تیایدا ئەژینو ئەوەشیان پێ ڕەوا نەبینرێت بڵێت ئەو پەڕی دڕندەیەتیە بەرامبەر بە خەڵك ئەكرێت . با كاروانیش تۆزێك بیر بكاتەوە و هەر قسەی سەرانی ناسیۆنالیزم نەجوێتەوە . ئەوان بۆ قازانجو مانەوەی دەسەلاَتیان وا ئەكەن ئەی ئەم بۆچی؟

## حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراقو پەكەكە :

كاروان دەڵێ حیزبی ئێمە پێش گیرانی ئۆچەلان لە هەڕەتی تەبلیغ دا بوین لە دژی ئەوان !! دواتر كە ئۆچەلان گیراوە بە دەرەجەی 180 پلە باماندا وەتەوە و دیفاعمان لێی كردووە . هەر چەندە هەڵوێستی ئێمە لەسەر مەسەلەی گیرانی ئۆچەلان ئێستا لای ناسیۆنالیزمی كورد زۆر باس ناكرێت بەلاَم دیارە لای دڵسۆزانی ئوچەلان هەر لەبیرو خەیاڵدا ماوە بە ناچاری لێرەدا باسی دەكەمو وەلاَمی كاروان ئەدەمەوە . ئێمە هەموو كاتێك بە ئێستاشەوە پەكەكەمان بە حیزبێكی ناسیۆنالیست لەقەڵەم داوە و ناسیۆنالیزمیش بە شەرمەزاری بۆ بەشەریت . بەلاَم كاتێك پەكەكە كەوتە منالَ دزین بە ناچاری دەبوایە تەبلیغاتمان ببردایەتە هەڕەتی خۆی لە دژیان چونكە ئەوە تاوانێكی زۆر گەورە بوو ئەوان ئەنجامیان ئەدا و ئێمەش حیزبی دیفاع لە منالَو حەقی خەڵكین بۆیە لەو مەیدانەدا ڕاوەستاین ، بەلاَم حەملەی ئێمە لە دژی دەستگیركردنی ئۆچەلان بۆ دیفاع لە ئۆچەلان نەبو بەڵكو بۆ دژایەتی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بوو ، بۆ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەتانی دیكتاتۆرو دژە ئینسانی پێش پێگرتنیان لەلایەن دەوڵەتە زلهێزەكانەوە لەبەین نەبرێن . ئێستاش بە شێوەیەكی تر بەهەمان شێوە لە دژی ئەو تیرۆریزمەمین

که ئەمەریکا لە ژێر ناوی جەنگی ڕزگاری عێراق بەرپای کردووە . هەڵکوتانە سەر سەفارەتەکانو ئەو شتانەی تریش کە باسی دەکات کاری ئێمە نەبووەو ناڕاستن .

## شەڕی ینك لەدژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق:

کاروان دەڵێ  حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق حیزبێکی عێراقیە کەچی هەر سلێمانی بۆتە ئەسڵی ترین مەیدانی چالاکیو هەڵسورانیانو ﴿ینك﴾یان بە دوژمنی سەرەکی خۆیان داناوە . دیارە کاروان نیگەرانە لەوەی حیزبێك لە ژێر دەسەلاٌتی حیزبی دەستە خوشکیدا چالاکی بکاتو بڵێت من ئۆپۆزیسیۆنم و کەسیش نابێ ئەو حیزبە بەدوژمنی خۆی دابنێ ،ئەمە کفرێکی گەورەیە !!!!! ئاخر ئازادی خوازی کاروانو ئەو سەرچاوەیەی ئاوی لێ دەخواتەوە ، حیزبە ناسیۆنالیستەکان ، هەر ئەمەندەیە . بەڕای کاروان هەموو کەس ئەبێت ینك بە حیزبی خۆی یان حیزبی دۆستو دەستە خوشك لەقەڵەم بدات .هەرئەمەش ڕای ناسیۆنالیزمی کورد بوو بەلاٌم هەر جارەو دژایەتی خۆیان لەگەڵ ئازادی لەمەسەلەی جۆراو جۆرەوە دەپێچا ،دەمێك لە موقەدەساتی نەتەوەو مەزهەب و دەمێکیش لەمەسەلەی چەکداری و بڕوبیانوی قانونو قسەی پڕو پوچەوە دەیانپێچا . ئێستا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە زۆربەی شارەکانی عێراق چالاکی جۆراوجۆری هەیە بەلاٌم زۆرترین ڕێگری لە مەملەکەتە ئازادەکەی یەکێتیو پارتیدا بۆی پێکدەهێنرێت . کاروان ئەڵێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەسەر داوای سەرکردایەتیان کە دیارە مەبەستی     حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێرانە مەفرەزەیەکی چەکداریان ڕەوانەی ئێران کردووە و یەکێتیش داوای چەك داماڵینو چۆڵ کردنی بنکەکانی لێ کردوون . بەلاٌم کاروان لە خۆی ناپرسێت کە بۆچی وەلاٌمی کۆماری ئیسلامی بە ئێمە لە لایەن یەکێتییەوە بە ئێمە دراوەتەوە ؟ ئایا یەکێتی دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانە ؟ ئاخوندە بەکرێ گیراوەکانی ئەوانە؟بۆچی یەکێتی بە ناردنی مەفرەزەیەك بۆ ئێران بریندار ئەبێتو کەڤ ڕقی لێواو لێو ئەبێت ؟     بەلاٌم لە ڕاستیدا ینك وای ڕادەگەیاند کە دەیەوێت شارەکان لە چەك داماڵێتو بنکە چەکداریەکان ڕەوانەی دەرەوەی شار بکات بەلاٌم ئەوە تەنها درۆیەك بوو بۆ ئەو نۆکەرایەتیەی کەدواتر موکافەئەکەی لە بەعسو کۆماری ئیسلامی ئێران وەرگرت ، ئێستاش شارەکانی کوردستان پڕن لە مەقەڕاتی چەکداری و بەکەسیان نەوتراوە پشتی چاوتان برۆیە . بەلاٌم کاروان ئەم هەموو شێرو ڕێویەمان بۆ بۆ ئەهێنێتەوە ؟ ئەیەوێت پێمان بڵێ هێرش بەر تاوان بار نییەو هێرش بۆسەرکراو و ئەوانەی قوربانییان دا تاوانبارن؟ ئەمە چ مەنتیقێکی پێچەوانەیە ناسیۆنالیزم قسەی پێدەکات ؟ پێویستە کاروانیش نەچێتە پاڵ ئەو درۆیانە کە سەرانی ینك بۆ ئەو ڕوداوەی دەکەن . دەبێ ئەوەش بڵێم کە    حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ڕازیش بوو بەوەی مەقەڕەکانی چۆڵ بکات بەخاتری ئەوەی کارەساتی ئینسانی لێ نەکەوێتەوەو لەڕاستیدا گیانی هاوڕێیانی خۆمان زۆر پێ ئازیزتر بوو لە مەقەڕەکانمان بەلاٌم زەبوونیو بودەڵەییو دڕەندەیەتی ینك بەجۆرێك بو کە بەهەر قیمەتێك بوایە دەیانویست لە حیزبی ئێمە بدەن هەر بۆیە لەکاتی مفاوەزەی سەرکردایەتی هەردولادا سەیارەی ئێمە کەوتە کەمینیانەوە .لە ڕاستیدا ئەوەی ڕویدا شەڕ نەبوو بەڵکو هێرشی چەکداری ینك بوو بۆسەر ئێمە ، شەڕ بە بەرامبەرکێیەك دەوترێت کە هەر دولا لەبەرامبەر یەکدا شەڕی چەکداری بکەن . کاروان ئەو هەموو واقعیەتە نەبینێ پێم وا نییە یەك زەڕڕە واقعیەت درك بکات .

## حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو شەڕی کوێتو ئەفغانستانو عێراق :

کاروان دەڵێ  حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ،کە مەبەستی لەشەڕی ئەمەریکایە لە دژی عێراق ، مەحکوم کردوە بەلاٌم شەڕی ئەفغانستانو کوەیتی مەحکوم نەکردووە . ئینجا ئەڵێ جیاوازی نێوان مناڵی کوەیتو ئەفغانستانو عێراق چییەو دەڵێ بۆچی بە کەمپینی دژی شەڕ لە کاتی شەڕی کوەیتوئەفغانستانەوە پەیوەست نەبوون بەلاٌم بە کەمپینی دژی شەری ئەمەریکا لە عێراقەوە پەیوەست بوون ! بەلاٌم هەموو کەس دەزانێ کەشەڕی عێراق لە دژی کوەیت لەماوەی چەند ڕۆژێکدا کۆتایی هات و لەسەرەتای شەڕەکەدا زۆربەی ئاژانسەکان وەك ڕوداوێکی زۆر ئاسایی نیشانیاندا بەلاٌم ئەو کاتەی ئەمەریکا ویستی مەسەلەکە بقۆزێتەوە بۆ یەکلا کردنەوەی هێزو بالاٌ دەست بونی لە جیهاندا و دامەزراندنی نەزمی نوێ جیهانیەکەی مەسەلەکەی بە ئەندازەیەك گەورە کرد کە صددامو ڕژێمەکەی وەکو هەڕەشە بۆسەر هەموو جیهان نیشاندا . شەڕی لە دژی عێراق ڕاگەیاندو شەڕەکەشی بەشەڕی ڕوخانی دیکتاتۆرەکانو دامەزراندنی بازاری ئازادو خۆشگوزەرانی لەقەڵەم دا . هەموو جیهانیشی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا .لێرەدا ئیتر ئەبێ مەحکوم کردنی شەڕی کویەت چ مانایەکی هەبێت ؟ ئەوانەی لە بەرەی مەحکوم کردنی شەڕی کوەیتدا بوون بەناچاری دەچونە بەرەی شەرخوازی ئەمەریکاو پشتیوانی کردن لە بۆمباران کردنی عێراقو کوشتاری خەڵکی مەدەنیو داڕوخانی دامودەزگا خزمەتگوزاریەکان .دوابەدوای ئەمەش پشتیوانی کردن لە سیاسەتە نا ئینسانیەکانی ئەمەریکا و لەوانەش گەماروی ئابوری کەوەكو چەکی کۆکوژ ووردو درشتی لەگەڵ خۆیدا دەهاڕی . هەر ئەو کات زو بەزو داگیر کردنی کوەیت بووە ڕوداوێکی گوزەشتە و دەبوا لەسەر ڕوداوە تازەکان قسە  بکرێت کەئەویش شەڕی ئەمەریکا بو لە دژی عێراق . ئێمە هەرچەندە ئەوکاتە وەك حیزب نەبووین بەلاٌم لەسەر ئینسان کوژیەکان قسەی تەواومان کرد و ووتمان ناکرێت بەبیانوی دیفاع لە خەڵکی کوەیت لەملاوە کوشتارێکی تر بەڕێ بخرێت . ووتمان ئەمەریکا لە پێناوی چیدا ئەو کارانە دەکاتو دواتریش هەموو قسەکانمان هاتە دی .لە ڕاستیدا ئەو کاتەش ئێمە بە کەمپینی دژی شەڕەوە پەیوەست بووین بەلاٌم ئەوە ناسیۆنالیزمی کورد بو کە بە جلوبەرگی کوردیەوە مناڵیان بە دەستە چەپکی گوڵەوە ناردە لای ژەنەراڵە خوێنرێژەکانی ئەمەریکا کە دەستیان بە خوێنی خەڵکی عێراق سور بووبوو . بەلاٌم کاروان ئەبێ ڕۆشنی

بکاتەوە کە جیاوازی منالّی کوەیتو عێراق چییە ؟ بۆچی بۆ منالأنی کوەیت فرمێسك ئەڕێژن کەچی  بۆ کوشتنو لە بەین بردنی هەزارەها و بگرە ملیۆنەها منالّی عێراق شایی دەگێڕن ؟ بەلاّم سەبارەت بەشەڕی ئەفغانستان ئەوە ڕاستە کەئێمە مەحکوممان نەکرد ئەویش لەپێناو خەلّکی ئەوێدا بوو کە دوچاری دڕەندە ترین دەسەلاّتی ئیسلام بووبوون و ئێمە پێشوازیمان لە داڕوخانی ئەو دەسەلاّتە ڕەشە کرد ، لەبەر ئەوەی لانی کەمی ژیانێکی باشتر بەدەست بهێنن . بەلاّم مەسەلەکە بۆ شەڕی ئەم دواییانەی ئەمەریکا لە عێراق بە تەواوی جیاواز بوو وە ئەبوایە سیاسەتی جیاوازیش لە بەرامبەریدا پەیرەو بکەیت . لە مبارەیەوە قسەیەك ناکەم چونکە مەسەلەکان هەرئێستا لە ئارادانو هەرکەس ئەتوانێت بچێتو بەیانو بلاّوکراوەکانی حیزب بخوێنێتەوە و بەڕۆشنی هۆو پایەکانی سیاسەتمان ڕۆشن کراوەتەوە .

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و مەسەلەی کوردو ڕیفراندۆم :**

کاروان ئەلّێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وەك باقی حیزبە عێراقیەکانی تر دژایەتی سەرسەختی میللەتی کوردی کردوە !!!!!بەلاّم کاروانو زورناژەنانی ناسیۆنالیزم ڕۆژ تا ئێوارە ئەم قسەیە بکەن ناتوانن ئەو قسەیە بسەلمێننو ناتوانن نیشانی بدەن دژایەتی حیزبی ئێمە چۆنو چی بووە ؟ئایا دزینی داهاتی کوردستانو بڕینی نانی خەلّك بووە؟درۆ کردن بووە لەگەلّ خەلّك ؟ خولّقاندنی شەڕوئاژاوە بووە ؟یان دەستی لە چەوسانەوەی خەلّکی کوردستاندا هەبووە ؟ بە پێچەوانەوە هەموو ئەو دژایەتیانە ناسیۆنالیزمی کورد لەگەلّ خەلّکی کوردستانی کردوە . بەلاّم دواتر کاروان ڕونی دەکاتەوە کە دژایەتیەکەی ئێمە چی بووە ، بەڕای ئەو باس کردن لەوە کە چەوسانەوەی میللی لەسەر خەلّکی کورد نەماوە و وە باسکردنی لە هاوچارەنووس بونی خەلّکی عێراق بەگشتی بەکوردزمانو عەرەب زمانو کەمایەتیە نەتەوەییەکانی ترەوە دژایەتی خەلّکی کوردستانە !!!!!!!!!!! باس کردن لەوە کە ڕێگەی دەست خستنەناو دەستی یەك بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی غەیرەقەومیوغەیرە مەزهەبی کە ڕێگەیەکی باشترە وەك باس کردن لە ڕیفراندۆمو جیابونەوەی کوردستان  بە دژایەتی خەلّکی کوردستان لەقەلّەم ئەدا .ئێمە هەرگیز دژایەتی ڕیفراندۆممان نەکردوە و ئێمە کاتێك باسی ڕیفراندۆممان دەکرد کە کوردستان سەرگەردان بوو وە هەموو ڕۆژێکیش هەڕەشەی گەڕانەوەی بەعسی لەسەر بوو ،ئەمە هەموو شتێکی لە قالّب دابوو ، هەر بۆیە ڕامانگەیاند کە دەبێ خەلّکی کوردستان خۆیان بۆ یەکلا کردنەوەی چارەنوسیان دەبێ ڕای خۆیان بدەنو هەر ڕای ئەوانیش بەڕەسمی وەربگیرێتو ئێمەش پێشنیاری جیابونەوەمان بۆ خەلّك کرد لەبەر ئەوەی حکومەتێکی قەومی لەسەر حکوم بوو . ئەوکاتە هیچ حیزبێکی ناسیۆنالیست جورئەتی نەکرد ئەوە بلّێتو پشتیوانی لە ڕیفراندۆمو جیابونەوە بکاتو دواتریش دەرکەوت کە ئەم ناجورئەتیەیان لە چییەوە بوو ، حەتمەن خاوەن مەلەف قەد غیرەتی ئەوەی نابێ . **بەلاّم ئێستاشی لەسەر بێت هیچ یەکێك لە ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد جورئەتی ئەوەیان نەکردوە کە باس لە ڕیفراندۆم بکەن لە  مەجلیسە هەزیلەکەی بەغداداو لە دەستورە ناشەرعیەکەیاندا جێگیری بکەن .** ئێستاش ڕیفراندۆمیان هەر بۆ ئەوە ئەوێت کە فیدرالّیەتی پێ بەرقەرار بکەن و ئەمەش لە کاریکاتۆرێکی ئێکسپایەر ئەچێت ، ئەمانە کە پێش وەخت بڕیاریان داوە ئیتر نازانم ڕای خەلّکیان بۆچییە ؟ لێرەدا ڕیفراندۆم تەنها وشەیەکە بۆ ڕازاندنەوەی فیدرالّیەت ، واتە سیاسەتو خەونی ناسیۆنالیزم . فیدرالّیزمیش یانی تەفرەقەی قەومی و خۆشکردنی ئاگری شەڕی قەومی . ئەمانە ئەگەر مافو داهاتویەکی گەشیان دەوێت بۆ خەلّکی کوردستان بۆچی باسی مافی یەکسانی نێوان هاولاّتیان ناکەن ؟ بۆ بەناوی فیدرالّیەتەوە خەلّك فریو ئەدەنو حەقێکی خوارتر لە باقی هاولاّتیانیان بۆ دادەڕێژن لە یاساو دەستوردا ،ئایا بەحەق ئەمە داواو خەونی خەلّکی کوردستانە ؟ ئایا فیدرالّیەت هەر ئەوە نییە لە کەرکوکدا بەڕێوەی ئەبەنو هەر ڕۆژە ئاگری شەڕێك خۆش ئەکەن لەژێر ناوی دیفاع لەخەلّکی کورددا کەچی لەولاوە پۆلیس ئەنێرنە سەر هەر ئەو خەلّکەی کە بەناویانەوە شەڕ بەرپا ئەکرێتو هەقی نیشتە جێ بونیان بەڕەسمی ناناسرێتو خانو بەرەیان بۆ دابین ناکرێتو ژیانیان تەئمین ناکرێت ؟ئایا دژایەتی کردنی ئەم سیاسەتە چەپەلاّنە کارێکی ئینسانی نییە ؟ ئایا ئەم سیاسەتەی ئێمە پێچەوانەی ئەو سیاسەتەیە کە لە بەرامبەر کێشەی خەلّکی کوردستاندا ڕامانگەیاند بوو ؟

بەلأن سەرئەنجام ئەوە ناسیۆنالیزمە کە هەرگیز ناتوانێ مامەلّەی ئینسانی لەگەلّ خەلّکی کوردستاندا بکات چونکە بە مێژووی ژیانی نەیکردووە و لە پێناو ئامانجی بەرتەسکی سەرانیان و گەیشتین بە دەسەلاّتدا هەموو کارێکی نائینسانیان کردووەو دەشیکەن ئەگەر بەریان پێ نەگیرێت . ئەو ڕووباری خوێنەش کە کاروان باسی دەکات کە ناسیۆنالیزمی عەرەب لە کوردستاندا دروستی کردووە بێ چەندو چوون دەستی ناسیۆنالیزمی کوردیشی تیادایە لە یەك بەیەکیاندا . لە ئایندەشدا ئەگەر کوردستان بەناچاری پێویستی بە ڕیفراندۆمو جیابونەوە بێت ئەوە هەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقە دەبێتە سەرقافلّەی جێبەجێ کەری ئەو سیاسەتەو ناسیۆنالیزم ئەو شەهامەتەی نیەو ناشیبێتو هەرگیز لە ڕای خەلّك ناپرسێت بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیو باکیشی نیە خەلّك چی لێ بەسەر دێت . باوەڕ کردنیش بەوە کە ناسیۆنالیزم لە هەلّکردنی ئالاّی ڕیفراندۆمدا مەبەستی لە ڕاپرسی خەلّکە بیرکردنەوەیەکی گێلانەیە .

www.kurdistannet.org